# لەڕاستیدا هێز لە هاویشتندایە، لەڕاستیدا هێز لە هاویشتندایە، لەڕاستیدا هێز لە هاویشتندایە

لە عوقبەی کوڕی عامرەوە دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلی الله علیه وسلم- کە لەسەر مینبەر بوو، دەیفەرموو: «{وَأَعِدُّواْ لَهُم مَّا ٱسۡتَطَعۡتُم مِّن قُوَّةٖ}[الأنفال: 60]، واتە: {ئەی ئیمانداران، چەندێك لە هێز لە تواناتاندا هەیە بۆیان ئامادە بکەن}. لەڕاستیدا هێز لە هاویشتندایە، لەڕاستیدا هێز لە هاویشتندایە، لەڕاستیدا هێز لە هاویشتندایە»

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

فەرموودەکە ئاماژە بۆ ڕاڤە وتەفسیری پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەکات بۆ ئەو هێزەی کە فەرمانکراوە بۆ ئامادەکردنی بۆ ڕووبەڕووبونەوەی دوژمنەکان وکافرەکان کە ئەمیش بریتیە لە هاویشتن، چونکە کاریگەرترە، وزیان ومەترسی دوژمن زیاتر دوور دەخاتەوە، وهاویشتن لە سەردەمی دابەزانی ئەم ئایەتە پیرۆزانە بە تیر وکەوان بوو، بەڵام ئایەتەکە وشەی (قوة، واتا: هێز)ی باسکردووە کە ئەمەیش ئیعجاز ومەزنی قورئانی پیرۆز دەردەخات کە هەموو هێزێک دەگرێتەوە لە هەموو کات وشوێنێک، وهەروەها فەرموودەکەیش ئیعجاز ومەزنی تێدایە بە باسکردنی هاویشتن وتێگرتن، کە هەموو جۆرەکانی هاویشتن دەگرێتەوە ودەکرێت لێکبدرێتەوە بەوەی هەموو هاویشتنێک کە دابهێنرێت لە ڕێگەی چەکەکانی سەردەمەوە کە لە ڕێگەیانەوە تیری جیاواز بهاوێژرێت یان فیشەک بتەقێندرێت بەرەو ڕووی دوژمن.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/64642

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee